ـ بە وردی سەیری چوارخانەی ژمارە (3)بکە. لەم چوارخانەیەدا چەند خشتەیەک لە خشتەکان نەخشێندراون. لە چوارخانەی ژمارە (2)دا هەر هەمان خشتەکان دیاریکراون ، بەڵام ڕەنگیان لێ نەدراوە. خشتە دیاریکراوەکان ڕەنگ لێ بدە. دوای تەواوکردنی ڕەنگ لێدان، ئەمجار بچۆ سەر چوارخانەی ژمارە (1) و هەر بەچەشنی چوارخانەی ژمارە (2) ، خشتەکان دیاری بکە و دوایەش بە ئارەزووی خۆت ڕەنگی بکەن.









ـ دوو بێچووله(قاز) لە دایکیان دوور کەوتوونەتەوە و ڕێگای ماڵ پێ نازانن.

ـ ئایا تۆ دەتوانی بە نووکی قەڵەمەکەت ڕێگایان پێ نیشان بدەی و دایک و منداڵان پیک شاد بکەیتەوە ؟



ـ سەیری کەڵەباب(کەڵەشێر)ی ژمارە (1) بکە و کەڵەشێری ژمارە(2) وەک ئەو بڕەنگێنە.






ژوور... ژێر ... سەر                    لە ژوور... لە ژێر .... لە سەر

ـ بە وردی سەیری ئەم باڵندانە بکە و ئەم پرسیارانەم وڵام بدەوە:

1 - چەند پەرەسێلکە(پەڕەسللێرکە) لە ژوور تەلی کارەباکە خەریکی هەڵفڕینن؟

2-چەند باڵندە لە ژێر تەلی کارەبا هەڵدەفڕن؟

3- چەند باڵندە لە سەر تەلەکە هەڵنیشتوون؟



ـ کیسەڵی ژمارە(1) و کیسەڵی ژمارە(2) پێکەوە دوو جیاوازییان هەیە ، ئەم دوو جیاوازییانە چین؟

ـ ئایا بە ڕەنگ لێدانێک دەتوانی یەکێک لە جیاوازییەکان لابەری؟

1



2



ـ لەم چوار وێنانە، یەکێکیان دەگەڵ سێ وێنەی تر، سێ جیاوازیی هەیە.

ـ بە وردی سەیری وێنەکان بکە و ئەو وێنەی کە دەگەڵ ئەوانی تر سێ جیاوازی هەیە ، ئەم نیشانەیە (+) لە چوارخانەی ژێر پێیان دابنێ و بڵێ سێ جیاوازییەکە چین .









خوار ... ڕاست

ـ لە شمشێری ژمارە (1) و شمشێری ژمارە (2) بڕوانە.
ـ کامیان خوارە، ئەم نیشانەیە (ـ)
ـ کێهەیان ڕاستە، ئەم نیشانەیە (+) لە چوارخانەی ژێرەوەیان دا دابنێ.






خوار... ڕاست

ـ لە ژێرەوەی دوو دیواری ئەم لاپەڕەیەدا دوو چوارخانە داندراوە.

ـ لە چوارخانەکەیاندا تۆپێکی سوور و تۆپێکی کەسک دەبیندرێن.

ـ پرسیار:

ـ ئایا دیواری سەرەوەی تۆپە سوورەکە ڕاستە یان خوارە؟

ـ کامیان خۆارە، ئەم نیشانەیە( 0 )لە نێو چوارخانەکەیدا دابنێ.





## خوار .... ڕاست

ـ لەم دوانە کامیان ڕاستە، ئەم نیشانەیە ( + ) لە چوارخانەی ژێرەوەیدا دابنێ.





ـ لەم دوو تابلۆیە دا دوو باڵندە دەبیندرێن.

1 - مراوی لە سەر دارێک هەڵنیشتووە و خەریکی پشوودانە.

2- قەناری لە سەر دارێک هێلانەی سازکردووە و خەریکی بێچووەکانێتی.

پرسیار:

# داری ژێر پێی مراوییەکە خوارە، یان ڕاستە؟

# ئەو دارەی کە قەنارییەکە هێلانەی لە سەر ساز کردووە چلۆن دارێکە؛ خوارە یان ڕاست؟





ـ گەوهەر و گەلاوێژ خوشکن. گەوهەر کڵاوێکی تازەی کڕیوە، بەڵام گەلاوێژ کڵاوی نییە.

ـ دایکی گەوهەر و گەلاوێژ چەند توڵە سەگی بۆ کچەکانی خۆی کڕی.

ـ گەوهەر چەند توڵە سەگی هەیە؟

ـ سەگەکانی گەوهەر و گەلاوێژ دوو جیاوازییان هەیە. ئەو دوو جیاوازییانە ناو بەرن.



ـ ئارێز و چیا بران. ئارێز جووتێک چەکمەی تازەی کڕیوە.

ـ باوکی ئارێز و چیا دوو کاریلەی بۆ کڕیون. کاریلەکانی ئارێز و چیا دوو جیاوازییان هەیە. ئایا دەتوانی دوو جیاوازییەکان بڵێن ؟





ـ ئەسپ گیانداریکی زۆر جوان و میهرەبانە. ئەسپ بۆ سواربوون و بۆ بارکێشان دەبێ. ئەگەر باری پشتی ئەسپ سووک بێ، باشتر دەتوانێ غار بدات.

ـ لەم چوار وێنانە خوارەوەدا، قورسترینی باری ئەو ئەسپە بچکۆڵانەیە کامیانە؟

ـ ئەدی سووکترینی باری سەر پشتی ئەسپەکە کێهەیانە.

ـ ئەو نیشانەیە (+) لەو چوارخانەیە دابنێ، کە ئەسپەکە باری سووکە و دەتوانێ باش غار بدات.

ـ ئەو چوارخانەیە کە ئەسپەکە باری زۆر قورسی لە سەر پشتە و ناتوانێ باش بڕوا، ئەم نیشانەیە (ـ) دابنێن.









## درێژ .... کورت

ـ چوار شمشێر، یەکیان زۆر درێژ و ئەوانی تر کورت و کورت ترن.

ـ کێهەیان درێژە ، ئەم نیشانەیە (+) و کامیان کورت ترینیانە، ئەم نیشانەیە ( ـ ) لە چوارخانەی ژێرەوەیان دابنێن.



## درێژ ... کورت

ـ لەم دوو کوڕانە کامیان کورتە، ئەم نیشانەیە(+) لە چوارخانەکەیدا دابنێ .





ـ ئەڤین ئامۆزای ئازادە. ئەڤین و ئازاد دوو کۆلارەیان ساز کرد. ئازاد دەیگوت : (بادەوە)ی من گەلێک لە کۆلارەی ئەڤین باشترە.

ـ ئێوەی سەیریان بکەن و بڵێن ئایا کۆلارەکەی ئەڤین بەرزتر هەڵکشاوە، یان بادەوەی ئازاد.

ـ دایکی ئازاد دەڵێ : بادەوەی کوڕی من نزمتر لە بادەوەی ئەڤینە.

ـ ڕای ئێوە چییە؟



ـ کێهە دیوار بەرزترە ئەم نیشانەیە(+) و کامیان کورت ترە ئەم نیشانەیە(ـ) لە چوارخانەی ژێرەوەیدا دابنێ.



ـ لە ژێرەوە دوو تابلۆی چەشنی یەک دەبیندرێت ، بەڵام یەکێک لە دوو تابلۆکان شتێکی تێدا شاردراوەتەوە ، ورد سەیری هەر دوو تابلۆکان بکە و شوێنی ئەو شتە شاراوەیە لە شوێنی خۆیدا دەسنیشان بکە.





ـ لێرە دا ئەمانە دەبیندرێن :

1ـ کرۆکۆدیل 2ـ کەڵک (پلیکان) 3ـ کەرگوێلک(کەرەکێوی) 4ـ بولبول 5ـ مراوی
6ـ بزن 7ـ لەقلەق (لەگلەگ) 8ـ ڕەقە(کیسەڵی ئاوی)

ـ لەم 8 ئاژەڵە، کامیان باڵندەیە و دەفڕێت و کامیان نافڕێت.

ـ ئەوانەی باڵندەن و دەفڕن ، ئەم نیشانەیە(+) و ئەوانەی باڵیان نییە و نافڕن، ئەم نیشانەیە(ـ ) لە چوارخانەکەیدا دابنێ.



ـ سێ بەچکە کیسەڵ دایکەکەی خۆیان لێ گوم بووە. دایکەکەشیان بۆیان بە پەرۆشە و چاو لە ڕێی گەڕانەوەیانە.

ـ کێ بتوانێ ڕێی گەڕانەوە بە بەچکە کێسەڵەکان نیشان بدات ، دایکە کیسەڵ زۆری سپاس دەکات.



بەر... سەر ... ژێر          لە بەر... لە سەر... لە ژێر

ـ ئایا لەم تابڵۆیەدا چەند مراوی دەبیندرێن؟

ـ چەند مراوی لە بەرەوەی ئاوەکە هەڵدەفڕن؟

ـ چەند مراوی لە سەر ئاوەکە دا مەلە دەکەن؟

ـ چەند مراوی لە ژێر ئاوەکە دا مەلە دەکەن؟

